**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو و پاڵپشت بە یاساكاریی پەرلەمانی كوردستان كە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٨)ی ڕۆژی ٢٠٢١/٤/٢٠ كردوویەتی، بڕیارماندا بە دەركردنی:

**یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای هاوردەکردن و عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان**
**لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** كۆمپانیاكانی كەرتی تایبەت، ناوخۆیی، یان بیانی، تۆماركراو لە هەرێمی كوردستان، دوای وەرگرتنی مۆڵەتی وەزارەتی سامانە سروشتییەكانی هەرێم، دەتوانن بەپێی ئەو خەسڵەتە جیهانییانەی وەزارەت دیاریدەكات، بەرهەمە نەوتییەكان هاوردە و عەمبار بكەن، بیگوازنەوە و بیفرۆشن، بەمەبەستی بەكاربردنی ناوخۆیی، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگەی بریكاری ڕێپێدراوەوە. بەرهەمەكانیش هەریەكە لە بەنزینی ئۆتۆمبێل، زەیتی گاز، زەیتی بزوێنەر و گریس بەهەموو جۆرەكانیەوە، غازی شل، نەوتی سپی (كیرۆسین)، قیری شل، پترۆ كیمیایی، و هەر بەرهەمێكی تر كە وەزارەت بڕیاری لەبارەوە دەدات، دەگرێتەوە.

**دووەم:** پێویستە وەزارەتی سامانە سروشتییەكانی هەرێم خشتەی پاشكۆ لە شێوەی ڕێنماییدا دەربكات، بەجۆرێك كە هاوتا بێت لەگەڵ خەسڵەتە جیهانیەكانی ئەو بەرهەمە نەوتیانەی كە لە بڕگەی (یەكەم)ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێكراوە.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** هەر كۆمپانیایەک سەرپێچی حوكمەكانی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (١)ی ئەم یاسایە بكات، بەم شێوەیەی خوارەوە سزا دەدرێت:-

١- پێبژاردنێكی دارایی لە (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

٢- ئەگەر قازانجی كۆمپانیای سەرپێچیكار لەو سەرپێچییە لە بڕی (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار زیاتر بوو، ئەوا بە دوو بەرامبەری قازانجەكەی سزای پێبژاردنی بەسەردا دەسەپێنرێت.

٣- دەست بەسەرداگرتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەكراوەكان.

**دووەم:** ناوی كۆمپانیای سەرپێچیكار و خاوەنەكەی دەخرێتە لیستی ڕەشی وەزارەتی سامانە سروشتییەكان بۆ ماوەی دوو ساڵ، و لیستەكە لەلایەن وەزارەت بڵاو دەكرێتەوە.

**سێیەم**: لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچییەکانی ئاماژە پێکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا، ئەوا کۆمپانیای سەرپێچیکار مۆڵەتی کارکردنی لێ وەردەگیرێتەوە و ڕێگا نادرێت جارێکی دیکە چالاکییەکانی خۆی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکاندا ئەنجام بداتەوە.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم**: کۆمپانیا هاوردەکارەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەتوانن وێستگەی فرۆشتنی سوتەمەنی و کۆگای عەمبارکردنی بەرهەمی نەوتیی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن، بەپێی ئەو ڕێکسازییانەی لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتیەکانەوە پەیڕەو دەکرێت، هەروەها دەتوانن بە مەبەستی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان بەنزینخانە بەکرێ بگرن.

**دووەم**: ئەو کۆمپانیایانەی کە لە بواری عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە هاوردەکراوەکان کار دەکەن، نابێت لە هەمان کاتدا کاری عەمبارکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییە ناوخۆییەکانیش بکەن.

**سێیەم**: هەر کۆمپانیایەک سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە بکات، بە پێبژاردنێکی دارایی بە بڕی (٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار سزادەدرێت، و لەحاڵەتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچیەکە، بە پێبژاردنێکی دارایی کە بڕەکەی ( ٧٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) حەوت سەد ملیۆن دینارە سزا دەدرێت، و ڕێگەی پێنادرێت جارێکی تر چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکان ئەنجام بدات، لە هەردوو حاڵەتیشدا دەستبەسەر بەرهەمە نەوتییەکاندا دەگیرێت.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم**: کۆمپانیاکانی هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان و کۆمپانیاکانی عەمبارکردن، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتیی و پاراستنی ژینگە و کۆنترۆڵی جۆری پابەند دەبن.

**دووەم**: هەر کۆمپانیایەک سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بکات بە پێبژاردنێکی دارایی لە (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت.

**سێیەم**: لەحاڵەتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچی، کۆمپانیاکە بە پێبژاردنێکی دارایی کە لە (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت، و ڕێگەی پێنادرێت جارێکی تر چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمە نەوتییەکان ئەنجام بداتەوە.

**ماددەی (٥):**

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەت و دەستە پەیوەندیدارەکان هەریەکەیان بەپێی پسپۆری و تایبەتمەندی خۆیان، چاودێری پابەند بوونی کۆمپانیاکان بەو مەرج و خەسڵەتانەی لەم یاسایە و یاسا بەرکارەکاندا هاتوون، لە ئەستۆ دەگرن.

**ماددەی (٦):**

ئەو کۆمپانیایانەی پێش دەرچواندنی ئەم یاسایە مۆڵەت پێدراون، بەردەوام دەبن لە چالاکیەکانیان، و لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە ڕێکەوتی خستنە بواری جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دەگونجێنن و پێوەی پابەند دەبن.

**ماددەی (٧):**

ڕەسمی گومرگی و باج بەپێی یاسا و پەیڕەوە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، وەردەگیرێت.

**ماددەی (٨):**

دادوەری لێکۆڵینەوە تایبەتمەندە بە یەکلاکردنەوەی دۆسیەی ئەو سەرپێچیانەی کە لەم یاسایەدا دەقنووسکراون، بەپێی حوکمەکانی تایبەت بە بڕیاری سزایی هاتوو لە یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەکان ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو.

**ماددەی (٩):**

ئەگەر بەرهەمی ناوخۆ پێداویستی ناوخۆیی دابین نەکات، ڕێگە بە هاوردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکان دەدرێت.

**ماددەی (١٠):**

پێویستە وەزیری سامانە سروشتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی (١١):**

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێت.

**ماددەی (١٢):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە پێناو دابینکردنی بەرهەمە نەوتییەکان بە کواڵتییەکی باش بۆ هاوڵاتیان، و پاراستنیان لە لێکەوتە خراپەکانی بەرهەمە نەوتییەکان بۆ سەر تەندروستی گشتی و ژینگە، و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەبەردەم کەرتی تایبەتدا، و قەدەغەکردنی قۆرخکاریی، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢١/٦/١٣**